www.kurdistannet.org
1-11-2005 18:18 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## خەبات و تێکۆشانمان لەپێناوی دەستورێکی مەدەنی و علیمانی و پێشکەوتنخوازدا درێژەی هەیە
## (ڕاگەیاندنی یەکێتی کۆمۆنیستەکان لەعێراق سەبارەت بەئاکامی ریفراندۆم لەسەر دەستور)

کۆمیسیاری باڵای هەڵبژاردنەکان لەعێراق ئاکامەکانی ریفراندۆمی رۆژی 15 ئەم مانگەی بەسەرکەوتنی رەشنوسی ئەو دەستورەی لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانیەوە دارێژرابوو راگەیاند. لەمبارەیەوەو لەسەر بنەمای واقعیەتە بابەتیەکانی پرۆسەی ریفراندۆم لێرەدا چەند خاڵێك تۆماربکەین:

1/ رێژەی بەشداربوون لەپرۆسەی ریفراندۆمدا لەپارێزگاکانی ناوەڕاست و خواروی عێراق و لەهەرێمی کوردستاندا بە بەراوورد لەگەلڕ هەڵبژاردنی پێشوودا لەخوارەوەبوو، رێژەیەکی زۆر لەخەڵکی پارێزگاکانی ناوەڕاست و خواروی عێراق دەنگیان نەداو نەچوونە پای ێندوقەکانی هەڵبژاردن وەکو نارەزایەتیەك بەرامبەر دەسەڵاتی میلیشیا دینی و سەلەفیەکان و کارو کردەوەی تیرۆریستی هێزە تیرۆریستە سەلەفی و زەرقاویەکان. لەهەرێمی کوردستانیشدا رێژەیەکی لەوە گەورەتر کەزۆرینەیان لەلاوان پێکهاتبوون نەچوونە پای دەنگدان و لەپرۆسەی ریفراندۆمدا بەشداریان نەکرد ئەویش نەك بەهۆی ترس و نەبوونی ئەمنیەت بەڵکو وەکو نارەزایەتیەك بەرامبەر دەسەڵاتی حزبە قەومیەکانی کورد و سیاسەت و کردەوەکانیان.

ئەم رێژە زۆرانە مانایەکی گەورەیان هەیە لەبارودۆخی سیاسی ئەمڕۆی عێراقدا، پێش هەموو شتێك نیشانەی ئەوەیە کەخەڵك باوەڕی بەحکومەتی ئێستا نەماوەو نارازیە لەو دەسەڵاتەی کەلەدوای هەڵبژاردنی رابردووەوە لەلایەن ئیئتلافی حزبە دینیە شیعیەکان و هاوپەیمانە ناسیونالیستە کوردەکانەوە دروستبووە.

2/ رێژەیەکی بەرچاوی تر لەجەماوەری عێراق، لەڕوانگەی مەدەنیەت و عیلمانیەت و پێشکەوتنخوازیەوە کەبەتەواوی ناکۆکە لەگەلڕ رەتکردنەوەی کۆنەپەرستانەی هێزە تائیفی و بەعسی و سەلەفی و زەرقاویەکان، کاتێك چوونە پای دەنگدان و لەریفراندۆمدا بەشداریانکرد ئەو دەستوریان رەتکردەوەو ووتیان "نـا" بۆ دەستوور وەیان لەبنکەکانی دەنگداندا زەربێکی راست و چەپیان بەسەر وەرەقەی هەڵبژاردندا هێنا.

3/ لەپرۆسەی ریفراندۆمدا زۆر پێشێلکاری و تەزویرات و ساختە و یاریکردن بەدەنگەکان لەزۆربەی ناوچەکانی عێراقدا بەڕێوەچوون. هەر لەسەرەتاوە ئەو هێزانەی خوازیاری ئەوەبوون "بەڵی" بۆ دەستورەکەیان بکرێت ماشێنێکی ئیعلامی حزبی و حکومی پان و بەرینیان خستەگەڕ و زۆربەی کەناڵەکانی راگەیاندنی حکومەتیان قۆرخکردو لای خۆیانەوە هەموو دەنگێکی نارازی تریان خەفەکردو نەیان هێشت لایەنەکانیتر بیربۆچوونی خۆیان لەمەڕ دەستور بڵاوبکەنەوە، هەروەها مەرجەعیەتە دینیەکان و تەواوی دەزگا سیاسی و حزبی و ئیعلامیەکانی خۆیان خستەگەڕ، کەبەئاشکرا لەسەر داهاتەکانی حکومەت دەلەوەڕێن، بۆ ئەوەی رەشنوسی ئەو دەستورە کۆنەپەرست و تاریکە بەسەر خەڵکدا بسەپێنن..

سەرەڕای ئەوەی ئیدعایان کرد کە خەڵکی عێراق خۆی خاوەن بڕیارە لەپەسەندکردنی دەستوردا بینیمان کەتەنانەت رەشنوسی دەستورەکەیان لەچاوی خەڵك شاردەوەو زۆرینەی خەڵك تادواساتەکانیش نەیانتوانی دوایین رەشنوس ببینن و بیخوێننەوە. لەمەش خراپتر ئەوەبوو لەناو بنکەکانی دەنگداندا زۆرترین پێشێلکاری و تەزویرو ساختەو یاریکردن

بەدەنگەکان بەڕێوەچوو، لەچەشنی هەڕەشەکردن لەدەنگدەران لەحاڵێکدا کەنەچنە پای ێندوقەکانی دەنگدان یان فشارهێنان بۆیان تا لەهەندێك ناوچەدا دەنگ بە"بەڵێ" بدەن یان لەهەندێك ناوچەی تردا هەڕەشەیان لێکردوون بۆ ئەوەی بە"نەخێر" دەنگبدەن، وەیان پڕکردنەوەی وەرەقە بەتاڵەکانی دەنگدان و . . . . . . . . . تاد.

ئەم هەموو پێشێلکاری و ساختەبازیە بەڕۆشنی ئەوە روونەدەکاتەوە کەئەوانەی خەریکی رێکخستن و چاودێری پرۆسەی ریفراندۆم بوون لانی کەمی پاکی و بەهای دیموکراسیان تێدانیە و ئامادەن بۆ پووچەڵکردنەوەی ئیرادەی خەڵکی عێراق و سەپاندنی پلانە کۆنەپەرست و ئیسلامی و تائیفی و زەرقاویەکان بەسەریاندا گەورەترین و دزێوترین پێشێلکاری بەڕێوەبەرن.

4/ دەستوری پێشنیارکراو لەراستیدا زۆرینەی دەنگی خەڵکی عێراقی بەدەست نەهێنا، هەروەها لایەنە بەعسی و زەرقاوی و تائیفیەکانیش نەیانتوانی هێز بۆ پەککخستن و رەتکردنەوەی هەڵخرێنن. لەریفراندۆمدا بەڕۆشنی دەرکەوت کەسەپاندنی پرۆژە کۆنەپەرستەکان بەسەر خەڵکی عێراقدا لەرێگەی ئیستغلالکردنی هەست و سۆزە ناسیونالیستی و دینی و تائیفیەکانەوە کارێکە تادێت گرانتر دەبێت بۆ هێزە سیاسیە دینی و سەلەفی و ناسیونالیستیەکان. سەرنەکەوتنی کەس لەم ریفراندۆمەدا (ئەگەر ئەم دەربڕینە دروست بێت) و بوونی رێژەی جیاواز و روانگەی هەمەجۆر کەبەشێوەیەکی جەوهەری لەگەلڕ یەکتریدا ناکۆکن لەپەیوەند بەقبوڵکردنی دەستور یان رەتکردنەوەی وەیان بەشدارینەکردن لەخودی پرۆسەکەدا، هەموو ئەمانە نیشاندەری ئەوەن کەجەماوەری عێراق بەتەواوی دابەشبووەو زەحمەتە بتوانرێت دۆڕاو و براوە لەم گۆڕەپانەدا دیارییبکرێت.

5/ ئەم دەستورە جگە لەشکڵ و شێوە ئیسلامی و سەلەفیەکەی پڕە لەناکۆکی و کەلێن و کەلەبەر و لانی کەمی مەرجی یاسایی دروستی تێدانیە بۆ ئەوەی لەسەر بناغە و پرەنسیبەکانی دەوڵەتی عێراق دابمەزرێ، وەیان سادەترین ئینسجامی سیاسی و حکومی لەنێوان هێزە سیاسیە دینی و قەومی و تائیفیەکاندا پێکبهێنێ. ئەگەر لەلایەکەوە ئەم دەستورە وەڵامێك نیە بەچاوەڕوانی و تموحات و خواستە مەدەنی و عیلمانی و پێشکەوتنخوازەکانی خەڵکی عێراق لەلایەکی تریشەوە وەکو بەڵگەنامەیەك دەست نادات بۆ فەرمانڕەوایی و دامەزراندنی دەوڵەت و دام و دەزگا سەرەکیەکانی، چونکە لەراستیدا هەڵهێنجراوی قەیران و دەستەپاچەیی و دەستەوەسانە و هیچ میکانیزمێکی بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکیە چارهەڵنەگرەکانی لایەنە قەومی و دینی و تائیفیەکان دیارینەکردووە و بگرە دەرگای ئاوەڵا هێشتۆتەوە بۆ پەرەسەندن و قوولڕبوونەوەو تەشەنەکردنی هەرچی زیاتری. بەپێچەوانەی ئەو ئیدعا سیاسیانەوە کەزورڕنالێدەرانی ئیمپریالیزم و دەهۆڵکوتانی بۆرژوازی محلی بڵاوی دەکەنەوە بارودۆخی سیاسی عێراق هەرچی زیاتر رووی لەئاڵۆزیە لەسایەی داگیرکاری ئەمریکا و دەستەپاچەیی هێزە دینی و محەلیەکان و فراوانبوونەوەی بۆشایی ئەمنی و سیاسی و پەرەسەندنی روولەسەری دەستێوەردان لەمەلەفە گەرمەکانی عێراقدا لەلایەن وڵاتانی دراوسێ و وولاتە عەرەبیەکانەوە.

6/ خەبات و تێکۆشانی ئێمە دوای پەسەندکردنی ئەم رەشنوسە کۆنەپەرست و تاریکە راناوەستێت، ئێمە خەڵکی عێراق بانگەواز دەکەین نارەزایەتیەکان و خەباتی خۆی بۆ ئازادی و پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی و دادپەروەری و یەکسانی درێژە پێبدات و فشارەکانی بۆ سەر ئەنجومەنی نیشتمانی ئێستاو داهاتوو چڕبکاتەوە بۆ گۆڕینی بەندە کۆنەپەرست و تاریکەکانی وەیان داڕشتنی یاساکانی داهاتوو لەسەر بنەمایەکی هاوچەرخ و پێشکەوتوو

کەوەڵامبێت بەخواست و چاوەڕوانیەکانی خەڵکی عێراق و بەرژەوندیەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان و ژنان و لاوان و بەساڵاچووان و . . . . . . . تاد.

قۆناغی داهاتوو پڕە لەبەرگری و رووبەڕووبوونەوەی گەورە لەگەلڕ رەوتە دینی و سەلەفی و هەوڵ و تەقەلاکانیاندا بۆ بەئیسلامیزەکردنی کۆمەڵگای عێراق و سەپاندنی یاسا دینی و مەزهەبی و تائیفیەکان و بەرگرتن بەڕۆچوونی عێراق لەزەلکاوی دابەشبوونە تائیفی و نەتەوەییە بەرتەسکەکاندا، ئەو دابەشبوونانەی سەرەنجام خزمەت بەداگیرکاری ئەمریکا دەکات و پاساوێك دەبێت بۆ مانەوەو هێشتنەوەی.

سەرەڕای ئەوەی هێزە ئیمپریالیستی و هێزە سیاسیە بۆرژوازیە ناوچەیی و محلیەکان بەشکلڕ و شێوەی جۆراوجۆر تێدەکۆشن بۆ تەعتیمی ئیعلامی و پەراوێزخستنی چالاکی و هەڵسووڕانەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و رێکخراوە سیاسی و حزبی و مەدەنیەکانی و رێگری دروستکردنی سیاسی و حکومی و سەرکوتگەرانە لەبەردەم چالاکی و هەڵسووڕانەکانی و خنکاندنی دەنگ و نارەزایەتیەکانی و . . . . . تاد، سەرەڕای ئەمانە بزوتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی و پێشکەوتنخوازی توانای ئەوەی هەیەو شیاوە بۆ ئەوەی دەورو رۆڵی جددی خۆی بگێڕێت لەبارودۆخێکدا کەئیمپریالیزمی ئەمریکاو هاوپەیمانە ناسیونالیستی و دینی و تائیفیەکان دووچاری قەیران و پەلکوتان و بێبەدیلین و تابێت نارەزایەتی و بێزاری خەڵکی عێراق بەهەموو بەش و پێکهاتەکانیەوە لەبەرنامە کۆنەپەرست و ناسیونالیستیەکانیان لەزیادبووندایەو خەڵکی عێراق تینووی بەدیل و ریگاچارەیەکی ترە کەوەڵامدەرەوەی چاوەڕوانیەکان و خواستەکانی بێت کەخۆی لەدامەزراندنی نیزامێکی پێشکەوتنخوازانەو هاوچەرخ و ئازاددا دەبینێتەوە کەپشتی بەمۆدێلێکی ئابوری بەستبێت بنەماکەی یەکسانی و دادپەروەری کۆمەلایەتی و لەناوچوونی چەوسانەوە بێت.

یەکێتی کۆمۆنیستەکان لەعێراق
کۆمیتەی ناوەندی
2005-10-27